# کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق
# سەر کەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هات

لەڕۆژانی 31 ی مارس و 1 ی نیسانساڵی 2006 لە عێراقدا کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بە بە شداری نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق و ژمارەیەك میوان بە سەرکوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

سەرەتا کۆنگرە بە سروودی ئەنتەر ناسیونال و دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێز نان لە گیان بەختکردووانی ڕێگای سۆشیالیزم دەستی بە کارەکانی خۆی کرد ,عصام شکری لە ووتەیەکی کورتیدا ڕایگەیاند کە کۆنگرە یاساییە و شەرعیەتی هەیە , پاشان لیژنەی سەرپشتیاری کۆنگرە هەڵبژێردرا وبەدەنگدانی گشتی دەستووری کۆنگرەش بڕیاری لە سەردرا .

عصام شکری ووتاری کۆنگرەی پێشکەش بە شدار بووان کرد, کە تیایدا ئاماژەی کرد بە گرنگی بوونی سیاسی و مێژوویی کۆنگرەی یەکەمی حیزب هەروەك ئەوەی دووپات کردەوە دەبێ ئەمە بە کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دابنرێ لە عێراقدا پاش ئەوەی ڕابەڕی ڕاستڕەوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وازی هێنا لە هەڵگرتنی کۆمۆنیزمی مەنصور حیکمەت و ئاڵای سۆشیالیزم .

بە دوای ئەوەدا هەر لە لایەن عصام شکری وەك سکرتێری پێشووی هەیئەی تەنفیزی حیزب ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی دەورەی پێشووی حیزب خوێندرایەوە .

هاوڕێ سەمیر نوری باسێکی کرد سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق کە تیایدا ئاماژەی کرد بە مەسەلەیەکی گرنگی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری کە ئەوەش خەباتکردنیەتی لە پێناو سۆشیالیزمدا وەهاتنەمەیدانی حیزبی مارکسی دەبێ لەپێناو بە ماددی کردنی ڕەخنەی کرێکاری ڕادیکال بێ لە سەرمایەداری بۆ بنیاتنانی سۆشیالیزم ئەوەش لە ڕێگای کۆتایی هێنان بە کاری کرێگرتە وخاوەنداریەتی تایبەتی هەر بۆ ئەمە دامەزراندنی حیزب پێویستە.

گۆڕانکاری یە پێشنیار کراوەکانی حیزب بۆ گۆڕینی بەرنامەی( دونیایەکی باشتر) لە لایەن عصام شکری وە خرانە ڕوو وە لە لایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا.

سەرەتای کارەکانی ڕۆژی دووەمی کۆنگرە بە نامەیەکی حەمیدی تەقوایی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران دەستی پێ کرد کە بۆ کۆنگرەی ناردبوو وە لە لایەن عصام شکری وە خوێندرایەوە.

خەبات مەجید باسێکی کرد سەبارەت بە ئیستڕتجیەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق کە تیایدا ئاماژەی کرد بە هەل و مەرجی سیاسی ئێستای عێراق و وەڵامی حیزب بە داگیر کاری و سیناریۆی ڕەش و نەبوونی ئاسایشی خەڵك و زاڵ بوونی میلیشیای ئیسلامی سیاسی و قەومی و دابەش بوونی کۆمەڵگا بە سەر تایفەو ڕەگەز و وە لە دەستدانی پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی , ئەلتەرناتیڤی حیزب لە بەرانبەر ئەو مەسەلانەدا بریتی یە لە خواستی دەوڵەتێکی مەدەنی (سکۆلار) و کۆمەڵگایەکی مەدەنی وە ئەمەش بووەتە ئەرکی سەر شانی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان لەمڕۆدا.

باسێکی تری کۆنگرە سەر بەخۆیی کوردستان بوو لە لایەن ئازاد حەمە کەریمەوە وە دووپاتی کردەوە کە دەبێ کوردستان سەربەخۆ بێت بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان دوور خرێتەوە لە ئاگری شەڕی نێوان باڵە تیرۆریستەکانی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی و سیناریۆی ڕەش و ڕاکێشانی بەرەی ژێرپێی ئەحزابی ناسیۆنالیستی حاکم لە کوردستاندا وە لە پێناو ڕێگاخۆشکردن بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم .

ئەو بڕیار نامانەی کۆنگرە پەسەندی کردن بریتی بوون لە: (سەربەخۆیی کوردستان ) و (ئیستراتجیەتی حیزب ) و (جێگا و ڕێگای حەمیدی تەقوایی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا) و (پەیوەندی لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

ئێران ) و (راسترەوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ) و (هەڵوێستی حیزب لە ڕێکخراوی یەکگرتووی ڕزگاری ژنان لە عێراقدا) .

دوا برگەی کۆنگرە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو کە بە زۆربەی دەنگ ئەم هاوڕێیانە بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب : سەمیر نوری ,خەبات مەجید ,فاتیح بەهرامی , خەیاڵ ابراهیم , عصام شکری , سەردار عەبدوللا حەمە ,مریەم جەمیل ,عبدالزهرە موسی , جلیل شەهباز , عبد الحکیم حسن فنجان ,صباح ابراهیم , جاسم محمد ,عباس عبدالرحمن , ڕێبین فاروق ,محمد ئاسنگەران .

لە نێو میوانەکاندا پەروین محمد و کاروان مەجید هاتنە ناو ریزەکانی حیزبەوە. و ە فاتیح بەهرامی بە ووتەیەك کۆتایی کارەکانی کۆنگرەی ڕاگەیاند وە لە سەر گرنگی ئەم حیزبە و لە سەر پێویست بوونی دامەزراندنی ئەم حیزبە تاکیدی کردەوە و ئەم کۆنگرەی بە کۆنگرەیەکی زۆر سەرکەوتوو هەڵسەنگاند وە سەرکەوتوویی زیاتری کۆنگرەی لەوەدا نیشاندا ئەرکەکان بە جێی خۆیان بگەیەنرێن.

ماوەیەك پاش کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی حیزب بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی پلینۆمی یەکەمی خۆی بەست و جگە لە پەسەند کردنی بڕیاری چۆنیەتی میکانیزمی ڕابەری حیزب ,مەسەلەی مالیەی حیزب وە ڕابەڕایەتی وئەرکەکانی تاوتوێ کرد ,پاشان مەکتەبی سیاسی حیزبی هەڵبژارد کە پێك هات لەم هاوڕێیانە: سەمیر نوری ,خەبات مەجید ,فاتیح بەهرامی , ئازاد حەمە کەریم ,سەردار عەبدوڵلا حەمە ,صباح ابراهیم ,عصام شکری .وە بەدەنگدانی گشتی عصام شکری بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا وە لە کۆتاییدا پلینۆم بڕیاری دا کە چوار کەس بە ئەندامی احتیات (مشاور) ی کۆمیتەی ناوەندی دا بنێ و سەرەنجام ئەم هاوڕێیانە بەزۆربەی دەنگ هەڵبژێردران : کاروان مەجید ,سەرگوڵ ئەحمەد ,علی هادی ,کاوە عومەر . بەم زووانە سەرجەم بڕیار نامە پەسەند کراوەکان بلاو دەکەینەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق**

**2006| 4 | 6**